# هەوەسی سازاندنی کاڵاگەرایی لە مێدیای حیزبەکاندا

هەندرێن

بە هەرمێنبوونی دیارەدەی رووکەشاندن، ئارایشکردن و نمایشکردنەوەی بەهای رۆشنبیریی و ژیانی کەنەفتی کورد وەک کالایەک لە مێدیایەکانی هەردوو حیزبی حوکمڕانەوە، بەندن بە هەوەسی ئەو بە کاڵاکردنەی کە کاکڵەی ستراتیژی حیزبی کوردی پێکدەهێنێ. بەڵام فاکتەرێکی پێشڤەچوونی ئەو دیاردەیە لە مێدیای حیزبی و بەرهەمهێنانەنەوەی ئەو مۆدەیە لە نموونەی بەشێکی فرەی توێژەکانی کۆمەڵگا و نووسەراندا، بۆ پێکدادانی پەیوەندییەکانی نێوان هێزە باڵادەست و توێژەکانی دیکەی هەناوی کۆمەڵگای کوردی دەگەڕێتەوە. کەواتە دەکرێ بە هەرمێنبوونی دیاردەی بەرهەمهێنانی ئەو ژیانە بە کەلاکراوەی کورد لە مێدیای حیزبدا، وەک بەرهەمهێنانەوەیەک لە ناوکۆیی ئەو پێکهاتە خێڵەکییە تەقلەهەڤەی جڤاکی کوردی فامبکەین. لەو ناوکۆییەی کوردیدا حیزب رۆڵی سەرۆک خێڵێکی رەها و هەڵسووڕێنەری هەموو ئەرک و مافەکان دەگێڕێ؛ پەیوەندییەکانی خەڵک لەسەر بنەمای دڵسۆزی و مەیلی نەتەوەیی بە حوکمەتەوە هەڵنەچنراوە، بەڵکوو لەسەر بنەمای وابەستەبوونی کۆی خەڵک بە سیمبوولی حیزبەکانەوە بەڕێوە دەچێ. لێرەوە حیزب کۆمەڵێ سیمبوولی سازکردووە و کۆمەڵیش هەموو بەهایە مرۆڤایەتی، نەتەوەیی، کۆمەلایەتی و... بەو سیمبوولانەی حیزبەوە دەناسێتەوە. لەبۆیە راگەیاندنەکانی ئەو حیزبانە لە یارییەکی نەخشە بۆ کێشراودا سەرقاڵن بە سازاندنی کاڵایە سیمبوول ئامێزەکان و هەڵپەڕاندنی کۆمەڵ وەک مێگەلێک بە دیار نمایشکردنی ئەو سیمبوولانەوە. کەواتە بەهای ماف و ئەرک، بەرپرسیاری و ئێتیکی نەتەوایەتیی بنەمای بەستانەوەی حکومەت و خەڵکگەل نین، بەڵکوو کاڵایە سیمبوولییەکانی حیزب بەهای سەرەکی نەتەوەن و پێوانەی ئاستی وابەستەبوونی مێگەل بەرجەستە دەکەنەوە. بەمجۆرە ئەمڕۆ ئەوەی ئەو بەهایە بەرهەمدەهێنێ مەکینەی راگەیاندنە، نەک خودی مرۆڤەکان. هەڵبەتە ئەوەی کە ئەو بە کاڵاکردن و بازاڕاندنەی بەهای ژیانی سیاسی و رۆشنبیریی بەرهەمدەهێنێ، سیستەمی بە جیهانیبوونە، کە لەوێدا مێدیاگەل رۆلێکی بنەڕەتی لەو کاڵاگەراییە دەبینێ. هەوەسی ستراتیژی ئەو بەجیهانیبوونە لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە کە بەهای ژیانی سیاسیی و مرۆڤ لە کاڵا و بە کاڵاکردنی مرۆڤدا چڕ بکاتەوە. ئەو سیستەمە لە مەسمێدیایەکانییەوە بەهای ژیانی سیاسیی و مرۆڤ بە وێنە ئارایشکراو و حیکایەتەکانییەوە واقیعێکی خەیاڵێنراو نماشدەکا. لە نێوان ئەو ژیانە سازێنراوەی مەسمێدیا و ژیانە سروشتیەی ئەمدیو مەسمێدیاوە، مرۆڤ دەکرێ بە وێنایەک لە کاڵاگەل.

لەو روانگەیەوە دەکرێ جیاوازییەکانی نێوان پێکهات و پاشخانی حیزب و حکومەت و بوونی کورد و ئەو سیستەمە ئابوورییە جیهانگیرییە هەڵگری خوێندنەوەی فرە رەهەند بن. چونکە ئەمڕۆ ئەو پێکهاتە خێڵەکییەی حیزب و نووسەرەگەلەی کورد مینا ژیانێکی سروشتی خێڵەکی نییە، بەڵکوو بە وێنای نوێباوترین دەمامکی مەدەنی، کاڵاسازیی، چەمکگەل، کەنال و شێوەکانی پروپاگەندە خۆی دەنوێنێ، کە گشت ئەمانە وەک کاڵاگەلێک لە کۆمەڵگای سەرمایەداریی و سیستەمی جیهانگیرییەوە هێنراون و جیهانی دەرەکی خۆشی کردۆتە بازاڕی کاڵایەکانی. بەجۆرە هەوەسی بەرهەمهێنانی کاڵا و بە کاڵاکردنەوەی ژیان شاکۆڵەکەی ئەو سیستەمە بەجیهانیبوونەیە.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە مەبەستمان لە چەمکی بە جیهانیبوون "گلۆبالیزەیشن"ە نەک جیهانگیریی "گلوبالیزم". چونکە "گلوبالیزم" بە گشتی واتای بیرۆکەی سڕینەوەی سنوورە دەستکردەکانی نێوان کولتوور و پەیوەندییەکانی مرۆڤایەتی، یان بە گشتی جوانناسییەکی ئایدیالی وێنادەکا، ئەمەش مەیلێکی بەرهەمهێنەر و سوودمەندی تێدایە. وەلێ چەمکی "بەجیهانیبوون/گلوبالیزەیشن" بە گشتی شێوەی پیادەکردنی ئەو بیرۆکەیە

دەگەیەنێ، کە ئەمەش خۆی لە بە ئابووریکردن و کاڵا بەرهەمهێناندا چڕکردۆتەوە. پرۆژەکانی ئەو سیستەمە هەموو جیهانی کردۆتە بازاڕێک بۆ کاڵایە لە کۆتایی نەهاتووەکانی. بەمجۆرە ئەو ئاراستەیە هەموو بنەمایەکانی دیکەی بیرۆکەی جیهانگیریی لەناو سیمبوولەکانی کاڵادا خنکاندووە.

کەواتە هەوەسی سازاندنی ئەو ژیانە کاڵاگەراییە لە مێدیایەکانی حیزبی کوردی وەک وێناندنێک لە گەوهەری خۆی و کۆمەڵگای کوردی چتۆ پەیوەندییەکی بەو سیستەمە بە جیهانیبوونەوە هەیە؟ ئاخۆ خاسڵەتەکانی ئەو سیستەمە لە چیدا بەرجەستە دەبنەوە؟ گەلۆ ئەو وێنە ئارایشکراوانەی کە مێدیایەکانی حیزب لەسەر ژیانی کوردستان، مافی ژن، پرۆژە بازرگانییەکان، دابەشکردنی خەڵاتە کتوپڕەکان و ... هتد، راستییەکی ژیانن یان کاڵایەکی بەرهەمهێنراو؟ بۆچی پانتایی مێدیایەکان بە حیکایەتی پارە وەرگرتن، داواتکردن، خانوو وەرگرتنی بە ناو گۆرانیبێژ و نووسەرانەوە یان هەوەسی ئارایشکردنی ژیان سەرقاڵن، لە کاتێکدا هەمیشە راستییەکانی ئەو شەڕە پارەیە بە تەمومژی تەواو دەبن؟ چما نووسەر، بەناو رێکخراوەکانی ژن، خوێندکارە جوودایەکان بە شێوەی جوودا: لە چاوپێکەوتنەکاندا بۆینباخێکی گوڵ گوڵی لە ملیان گرێدەدەن و بە چەمکە زلەکانەوە خۆیان بۆ هەردوو حیزبی کوردی شیرین دەکەن و بێ پەروا هەوڵدەدەن پایەی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان لەو ولاتانەی لیی دەژین گەورە بکەنەوە؟ بۆچی هەوەسی بەهای بازرگانی لە مێدیایەکانی حیزب وەک پێوانەیەک بۆ سەرکەوتن و بەختەوەریی مرۆڤی کورد زەقدەکرێتەوە؟ ئەمانە و چەندان نموونەی لەو چەشنانە بوونەتە هێزێکی بزوێنەری ئەو دوو حیزبە و مرۆڤگەلی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان. لەبۆیە قسەکردن لەسەرپەرادۆکس/ لێکناکۆکییەکانی ئەو ژیان و ئاکارە عەنتیکەی حیزبی حوکمڕانی کورد و نووسەرگەل، خوێندکار، رێکخراوگەلی ژن، رۆشنبیریی، سیاسیی و ... هتد، بابەتێکی سەرنجکێشە.
بەهەمە حاڵ لێرەدا ئێمە بە فرەوانی ئەو بیرۆکەیە تاو و توێ ناکەین، بەڵکوو تەنیا دەتوانین بە خێرایی ئاماژەگەلێک یان نەخشکارییەک لە پاشخانی ئەو بیرۆکە و چەند نموونەیەکی زەقی ئەو دیاردە بە هەڕمێنکراوە چربکەینەوە. لە داهاتوودا هەوڵدەدەین بوارێک بۆ زیاتر مشتومالکردن و خورتکردنی رەهەندەکانی تری ئەو بیرۆکەیە برەخسێنین.

هەڵبەتە بنەما سەرەکییەکانی ئەو سەردەمە بەناو جیهانگیرییە، سیاسەتی ئابووری و تەنینەوەی کۆمپانیا بازرگانییەکانە لە سەرتاپای جیهاندا. لێرەدا گرنگە بزانین، کە خولیای ئەو جیهانگیرییە هەر تەنیا بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایە سوودبەخش و پێویستیانە نیین کە مرۆڤ گەرەکییەتی یان ژیانی بەختەوەرتر دەکا، بەڵکوو خولیای زیاتر و زیاتر بەرهەمهێنان و بە کاڵاکردنی هەموو ژیانە. لەوەش زیاتر، ئامانجی سەرەکی ئەو سیاسیەتە بە جیهانیکردنە کە خاوەن کۆمپانیا زەبەلاحەکان ناخی سیاسەتیشیان جڵەوکردووە، لە قازانجکردنێکی بەردەوامدا بەرجەستە دەبێتەوە. لە روانگەی ئەو سیستەمە بە ئابووریکراوەوە سەرتاپای جیهان بازاڕێکە لە بازاڕ و بازرگان، لە سازاندنی راستییەکی کاڵایی.  هەر بۆیە ئەو سیستەمە هەر تەنیا بە خێرایی ژیانی کۆمەڵگا و سیاسەتی رۆژئاوا و ئەمریکا و ئاسیای  بە بازاڕ نەکرد ، بەڵکوو بەرهەمهێنانی کاڵایە فرەکانی دوورترین گۆشەکانی جیهانی تەنییەوە. هاودەمیش کەناڵەکانی مێدیاش هاوشانی ئەو تەقینەوە کاڵاگەرایی و بەرخۆرییە بووە بەشێکی دانەبڕاوی نمایشکردن و وێناندنێکی جیهانێکی سەیر لە مۆدەی کاڵایە کەڵەکەکراوەکانی ئەو سیستەمەیە. لەوەش زیاتر جیهانی مێدیا بوو بە ژیانێک و واقیعێکی داهێنراو لە وێنەی کاڵایەکانی.  لە ئاکامی ئەوەدا مرۆ بوو بە بەرخۆرێک یان دیلێک بەرانبەر ئەو ژیان و واقیعەی کە لە شاشەی تیڤی و  دیجیتالە بزۆکەکانەوە نمایشدەکرێن.
 بە دەم پێشڤەچوونی ئەو رەوشە بە کاڵاکراوەوە،  دوای رماندنی رژێمی سەددام  و دیاریکردنی مووچە و بودجە لە لایەن ئەمریکاوە بۆ هەردوو زلحیزبی کوردی، ئیتر کتوپڕ کوردستانیش بوو بە نێچێریکی برسی و رامکراو لەبەردەم شالاوی کاڵایەکانی ئەو سیستەمە ئابوورییە بە جیهانیکراوە. هەڵبەتە کاڵایە تەکنیکییەکان، کە

خولیایەکی سەرەکی دەسەڵات و کۆمەڵگایەکانی ڕۆژهەڵاتین، کۆمەڵگای کوردیش، وێڕای نەگبەتی کارەباش، بووە کڕیارێکی سەرمەستی ئەو کاڵایانە. لێرەوە هەردوو حیزبی حوکمڕانی کوردستان بوون بە هێزێکی کارا لە کۆپیکردن و بەرهەمهێنانەوەی ئەو ژیانە ئارایشکراوە. هەڵبەتە هەر زوو توێژێک لە مەنسوولەکانی ئەو حیزبانە بوون بە نوێنەر و خاوەنی سەرچاوەی ئەو ژیانە کاڵاسازییە لە کوردستاندا.
لێرەدا ئەوەی کە ئێمە هەوڵدەدەین جەختی لەسەر بکەینەوە ئەوەیە، کە مێدیای ئەو حیزبانە ئاوێنەیەکی ئاراستەکراون بۆ نمایشکردن و ئارایشکردنی ژیان و هەوەسە ئابوورییەکانی ئەو سیستەمە بازرگانییە.
بەمجۆرە مێدیایە بینراوەکانی حیزبی کوردی بوونە نمایشکارێک لەو ژیان و واقیعە دەسکردەی کە ئەو سیستەمە ئابوورییە نوێیەی ڕۆژئاوا وەک بەرهەمێک لە هەناوی مێژووی خۆیدا بەرهەمیهێناوە. لەبۆیە ئەگەر سەرنجبدەین ئەو پێشهات و حیکایەتگەلەی کە ئەمڕۆ لە مێدیایەکانی کوردیدا لە رووخسار و بانگەشەگەلێکی بۆیاخکراودا نمایشدەکرێن گواستنەوەی ژیانی راستینەی کۆمەڵگا و کاکڵەی ئەو حیزبانەی کوردستان نین، بەڵکوو پێشهات و خولیایە دەستکردەکانی خودی ئەو مێدیایانەی حیزب و نموونەی ئەو خوێندەوار و نووسەرگەلەن کە لە بنەڕەتدا مۆدە و وێنایەکن لە مێدیایەکانی ئەو حکومەتە کوردییەوە، کە وەک کالاسازییەک بەرهەمی دەهێنن.
لێرەوە گەمەکانی ئەمدیو دەمامکەکانی دیاردەی ئەو هەرا و زەنای نمایشکردنەی یاد، بۆنە، رازاندنەوەی شاشەی تیڤییەکان بە ڕێکخراوەکانی مەدەنی، ژنان، پرۆژە بازارگانیی و پێشهاتانەی کە ئەمڕۆ مێدیایەکانی حیزبی هەردوو حیزبی باڵادەست و بگرە سەربەخۆیەکانیش بەرهەمی دەهێنن، دوور لە مەزەندەکاری، هەموویان واقیعیکی دەسکردی مێدیایەکانی حیزبن، نەک خودی ئەو واقیعەی کوردستان.
گوتمان ئەو ژیان و واقیعەی کە هەموو ڕۆژێ لە مێدیایەکانی ئەو حکومەتە یان دوو زلحیزبانەوە نمایشدەکرێن کاڵایەکی بەرهەمهێنراون، چونکە تەواوی ئەو کۆنفرانس، یادکردنەوە، چەمک و ناونیشانانەی کە لەسەر مافی هاووڵاتیی، ژن، ئاوەدانکردنەوە، بەهای رۆشنبیریی، نەتەوەیی و ... هتد لە دەمی ئەکتەرەکانی ئەو حیزب و جەستەی باق و بریقی ڕێکخراوی ژن/ئافرەتان، دەمڕاستی بەناو زۆرێک لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ئەندەمی حیزبەکانەوە دەبینرێن، لە دەرەوەی ئەو شاشانەوە ئامادەییان نییە یان هەڵگری ئەو راستییانە نین. بە واتایەکی تر گەوهەری ئەو ڕێکخراوگەل و قسەگەلە تەنیا کاڵاگەلێکن لە وێنەی ئەو سیاسەتە ئابوورییە کە لە شاشەی تیڤییەکانی حیزبەوە بەرهەمدەهێنرێن. چونکە نە ئەو ڕێکخراوگەل و حیزبانە لە ژیانی راستیدا خاوەنی ئەو راستیانەن نە ژیانی کوردییش بەمجۆرەیە کە هەوڵدەدرێ نمایشبکرێن. ئامادەیی ئەو دیاردانە لە مێدیایەکانی هەردوو حیزبی حوکمڕان و بگرە تاکی نووسەر و توێژەکانی دیکەی ئامادەکراوی کورد هەر تەنیا شتێکی کاتی و یان پەیوەندیان بە بۆنە و پێشهاتە زەقەکانی ژیانی کوردییەوە نییە، بەڵکوو بەشێکێکی دانەبڕاون لە هەوەسی ئیدیۆلۆگی بە کاڵاکراوی ئەو حیزبانەوە. چونکە وەک لە سەرەتادا وتمان لەو سیستەمە سیاسییەی کە بازاڕی ئابووری و سازاندنی ژیانێکی ئارایشکراوی لە واقیعیبەدەر کاکڵەی بەرنامەکەی پێکدەهێنێ، خودی ماسمێدیا بە تایبەتیش بینراو بەشێکی گرنگە لە ئیدیۆلۆگی و رەهەندەکانی. هەر بۆیە ئەو سیاستە جیهانگیرییە و شاڵاوی بازاڕەکەی دوای روخانی رژێمی سەددام و هاتنی رژێمی بۆشەوە بووە مۆدەیەکی بە هەڕمێنی حیزبە باڵادەستەکانی کوردستان و توێژێکی زۆر لە نووسەر و هاووێنەکانی. هەڵبەتە پاشخانی خێڵەکی و ناخی وێرانکراوی کۆمەڵگای کوردی بە هۆی سیاسەتی شۆڤینی رژێمی بەعسی و دواجاریش شەڕی ملهوڕانەی نێوان حیزبەکانی کوردییەوە زیاتر بواری بۆ خولیای ئابووریی و گەندەڵکاری ئەو حیزب و توێژە بەرژەوەندخوازەی کوردستان خۆشکرد. بەمجۆرە لە ماوەیەکی کورتدا دزی و گەندەڵی و بوونە باشترین کاری کۆی حیزب و نووسەر و توێژەکانی دیکەی کوردستان. هاوکاتیش لەگەڵ بە هەڕمێنبوونی ئەو ئەخلاق و ئێتیکە بە کاڵاکراوە، پێوانە و ئاکارە چاک و بەهایەکانی پێشووی کورد سەرە و ژوور کرانەوە و لە بری ئەوە حیزبی باڵادەست، وەک خێڵێکی خاوەن دەسەڵاتێکی رەها لە ژێر دەمامکی "کۆمەڵگای مەدەنی"دا کۆمەڵێک چەمک و بانگەشەی وەک "شەفافیەت"، "ئازادی تاکەکەسی"، "قانوون"؛ زمانێکی داتاشراودا، کە ئەمانەش وەک

کاڵایەکی بەرهەمهێنراوی ئەو سیستەمە جیهانگیرییە هاتنە ناو زار و ژیانی بێخەبەری ئەو حیزبانەوە، بوونە سەرچاوەی بەها و پێوانەکارییە نوێباوەکانی حیزبی باڵادەست و نووسەرە هاوئەخلاقییەکانیان. هەر بۆیە گفتوگۆیەکانی نێوان حیزب و خەڵک لەسەر گەندەڵی و خستنەڕووی راستییەکان لە برەودایە، کەچی بە دەگمەن نەبێ کەسێک لەو هەموو گەندەڵ و دزانەی حیزب، یان نووسەرێک لەو نووسەرە بەرژەوەندیخوازانە دان بەو راستییە بەڵگەنەویستانە نانێن. ئەمەش چونکە ئەو حیزبانە لە رێگای هێزە فرەکانیانەوە توانیوویانە چەندان راستی و واقیعی خەیاڵی لە وێنەی کاڵاسازی دابهێنن. لەوەش زیاتر قانوون و دادگا نەک هەر هێشتا دیکۆر و بوونیان نییە، بەڵکوو بەشێکن لەو کاڵاسازییە. لێرەوە چونکە حیزب بوو بە کارگەیەک بۆ کاڵاسازی و مێدیایەکانیشی بوو بە کەناڵێک بۆ بڵاوکردنەوەی کاڵایەکان، بۆیە ئەوەی کە لە مێدیایەکانی ئەو حیزبانە و بەشێکی زۆری مێدیایە بە ناو سەربەخۆیەکانی کوردیدا دەگوترین و نمایشدەکرێن، نە پەیوەندی بە بەرپرسیارییەکی ئێتیکییەوە هەیە و نە بەختەوەرکردنی ژیانی کوردیش، بەڵکوو کۆی ئەو شتگەلەی کە لە مێدیایەکاندا نمایشدەکرێن لە هەوەسی سازاندنی کاڵا و بە کاڵاکردنی ژیانی کوردیدا بەرجەستە دەبنەوە

بۆ ئەوەی دیاردەی ئەو گەمە، پێوەنانانەی مێدیایەکان بە گشتی و مێدیای بینراوی حیزبی کوردی راشکاوتر بەرچاو بخەین، کە رۆڵێکی بنەڕەتی دەبینن لە بە هەرمێنکردنی ئەو ژیان و واقیعە دەستکردەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا لە ئارادایە، نموونەگەلێک لەو دیمەن، بانگەشە و پێشهاتە کاڵا ئاسا و ئارایشکراوانە دەخەینە روو. هەڵبەتە لە نێوان ئەو راستیانە و واقیعی ژیاندا لێکناکۆکییەکانی سەرنجکێش هەیە.

ئەو تەلەڤیزیۆنانەی حیزبی حکومڕانی کورد رۆژانە باسی پرۆژەی خزمەتگوزەرانی، کێشەی گەڕانەوەی ناوچە بە عارەبکراوەکان و گەڕانەوەی کەرکووک دەکەن، کەچی هەتا دێ تەنگژەی کۆمەڵایەتی، گەندەڵی، هەژاری و بێشوێنی لە کوردستاندا پەرە دەسێنێ، هاوکاتیش هەتا ئێستا نەک هەر بڕیارێکی پێڕۆکراو بۆ گەڕانەوەی ئەو دەڤارانە بۆ سەر کوردستان لە ئارادا نییە، بەڵکوو دانیشتوانی ئەو دەڤەرانە وێرانترین ژیانیان هەیە. مرۆی بە ویژدانیش دەزانێ ژیانی ئەنفالکراوی کوردانی گەرمیان، خانەقین، موسڵ و کەرکووک لە کام ئاستدایە. ئێمە لە شاشەکانی تیڤییەوە رۆژانە دیمەنی کۆنفراس و بانگەشەکانی وەزارەتی پەروەوەردە و پرۆژەی کردنەوەی زانستگای نوێ و هات و چوونی مامۆستا و دکتۆری بۆینباخدار لە نێوان کوردستان و هەندەران دەبینین، کەچی لەمدیوی دەمامکەکانی ئەو دیمانانەی تیڤییەوە نەک هەر کەمێک گەندەڵیەکانی وەزارەتی پەروەردە و زانستگایەکانی کوردستان و ئەو هەموو دکتۆرە سەر قۆزی بن ئاڵۆزانە سووکەڵەتر نەکراون، بەڵکوو وێڕای نزمی ئاستی خوێندن، نە کۆمەڵێ سەرچاوەی نوێ و بەهادار بۆ سەرتاسەری خوێندگایەکان دەستەبەر کراوە و نە بڕیاریکی کردەییش بۆ سیستەمی خوێندن لە ئارادایە. لەوەش کارەساتر لە دەڤەرەکانی گەرمیان، کەرکووک، خانەقین و شێخاندا مناڵان و مێرد منداڵان لە ژێر خێوەت و سەرما و سۆڵدا بێ هیچ خزمەتگوزارییەکی شیاو ژیانی خوێندن بەسەر دەبەن.

وەزارەتی رۆشنبیریی، وێڕای بوونی بە کارگەی بۆ بەشێک لە بێ ئیشان، رۆژانە لە تیڤییەکانەوە لە دیمەنێکی رازاوەدا پرۆژەی سەیر و سەمەرەی رۆشنبیریی رادەگەیەنێ، کەچی ئەوەی کە لە ئارادایە ئاهەنگی هەڵپەڕکێ و مووچەبڕینەوە و خەڵاتکردنی بەناو هونەرمەندانە. سەیریش لەوەدایە ئەگەرچی هەفتەنامەی "میدیا"، لە مانگی 3ی 2007دا لە دوو ژمارەدا لیستێکی پان و پۆڕی لەسەر پارە وەرگرتنی چاوەش و گۆرانیبێژان لە وەزارەتی رۆشنبیریی بڵاوکردەوە، کەچی زۆرێک لە هونەرمەندان ئەوەیان رەتکردەوە. بەمجۆرە هاووڵاتی کورد کاتێک لە تێگەیشتنی ئەو راستییە_بێئومێد دەبێ، ناچارە بڕوا بەو راستییە دەستکردە بکا کە کارگەی نمایشکراوەکانی ئەو وەزارەتە بەرهەمی هێناوە.

بۆ ئەوەی سەری خۆمان بە گێڕانەوەی ئەوهەموو حیکایەتانە گێژ نەکەین، تەنیا ئاماژە بەو دوو دیمەنە دەدین، کە 8 و 9ی مارسی 2007 بە بۆنەی رۆژی جیهانی ژن لە "کۆنفراسی نێونەتەوەی ژنان" لە هەولێر و یادی راپەڕینی 1991 لە کوردستان تیڤیدا نیشاندران. لەسەرەتا کوردستان تیڤی بە دەم خوێندنەوەی وتەی سەرۆکی پەرلەمان و نوێنەری پارتییەوە دیمەنگەلێکی لەو ژنە جڵ رەنگین و رووخسار ئارایشکراوی

هەندەران و هەموو کوردستان لە کەژێکی بە ژن داگیرکراودا نمایشدەکرد، هەر لە دوای کەمێک خودی ئەو تیڤییە لە ماڵێکدا دیمەنی ژنێکی نیشاندا کە گریان و خەمەکانی ئەو ژنە ناخی هەموو مرۆڤێکی راستگۆ و بە ویژدانی دەهەژاند. هەر هەمان رۆژیش لە هەولێر کیژێکی لاو لە داخی ئەوەی باوکی نەیبردبوو بۆ سەیران خۆی کوشت، کە بێگومان رۆژانە دەیان پێشهاتی لەو جۆرە لە ژیانی ژناندا روودەدەن. من لەگەڵ بیستن و بینی دیمەنی تاریک و هەنسکەکانی ئەو ژنەوە دەتلامەوە، کەچی رەنگە هاوکاتی نمایشکردنی ئەو ژنە لە تیڤییەوە، خەبەتکارانی ژنان دوای بیستنی وتەی ئەو پیاوانەی کە فڕیان بە مافی ژنەوە نییە لە هوتێل شیراتۆن و هاووێنەکانی هەولێرەوە بە دەم کەباب خواردن یان هەڵپەرکێوە حیکایەتەکانی سەفەریان دەگێڕایەوە. لەوەش گەڕێ کە ژنانی ئامادەبوو، بێجگە لە وتەیەکی خێرای یەکێک لە ژنان دوای پیاوەکانی پەرلەمان، ئەرکیان گوێگرتن و ئارایشکردنی هۆڵی کۆنفرانسەکە بوو.

شایەنی باسە یەکێک لەو ژنانەی کە لە سویدەوە وەک دەمراستی ژنانی هەندەران بۆ ئەو کۆنفراسەی هەولێر داوەتکرا بوو، نە هەر لە خەمی ژندا نییە، بەڵکوو رقی لە هەموو خەباتێکە کە ناوی نەتەوایەتی کوردە. زۆرن ئەوانەی لە نموونەی ئەو ژنە وەک دەمرستی نەگبەتییەکانی ژنی کورد جار لەسەر حیسابی سامانی خەڵکی کورد و بەدبەختی ژنی ژیان ئەنفالکراوەکان داوەتی کۆنفرانس و جڤینەکانی کوردستان دەکرێن، کەچی هۆکردێکی چوونەوەی ئەو ژنانە بۆ ئامادە بوون لە جۆرە نمایشانە، هەروەک بەشێک لە پیاوانیش، ئەوەیە کە بتوانن ورگرتنی کۆمەکییەکانیان لە دەوڵەتی سوێد دەستەبەر بکەن. ئەمڕۆ لە وەڵاتێکی وەک سوێددا رێکخراوگەلێک بەناوی "ئاوەدانکردنەوەی عێراق و کوردستان"، "هوشیارکردنەوەی ژن" و ... هتد کۆمەکی وردەگرن. هەر بۆیە دەبێ ئەو رێکخراوانە بۆ پشتڕاستکردنەوەی کارەکانیان بەڵگەیان هەبێت. لێرەوە ئەوانە کورد واتەنی: "بە بەردێک دوو چۆلەکە دەکوژن"! بەمجۆرە ئەو خانمە بەناو دەمڕاستەی مافی ژنیش، وەک هەر بێگانە و نەیارێکی کورد هەولێر بە "اربیل" ناو دەبات. لە کن ئەو گرنگی گۆکردنی هەولێر لە خولیایەکی ناسیۆنالیستتیەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە. ئەو ژنە پێی وایە پارتی دیمۆکرات خۆی ناوی فرۆکەخانەکەی کردۆتە "اربیل"، لەبۆیە پێویست ناکا بە هەولێر نادێر بکرێ. دواجار ئەو ئافرەتە میوانەی "کۆنفرانسی نێونەتەوەی ژنان"ی لە هەولێر، وەک ئینتەرناسیۆنالیستێک، نەک هەر گۆڕینی ناوی هەولێری بۆ گرنگ نییە، بەڵکوو گاڵتەشی بە رەوشی ژیانی کوردستان و ئەو حیزبەی کە داواتی دەکا دێ. لێرەدا چونکە من مەبەستم قسەکردن نییە لەسەر خودی ناوی کەسەکان، بەڵکوو ئاوێزان بوونی ئەو ژنگەل و رێکخراوگەلە بەناو ئازادیخوازنەیە بەو کاڵایانەی کە لە مێدیایەکانی حیزب نمایشدەکرێن، بۆیە خۆمان لە پێناسەکردنی ناوەکان بە دوور دەگرین.

سەبارەت بە نمایشکردنی وێنای رەنگینی ئافرەتان لە مێدیای کوردییەوە، وەک ئاشکرایە ئەمساڵ لە_رۆژی ژنانی جیهاندا، لە چەندان وڵاتدا خۆپیشاندان و چالاکی هەمەجۆر لە شەقام و باخچە گشتییەکانی شارەکاندا ئەنجامدران. لە هەندێ وڵاتدا ژنان بەرتەک و چالاکی توند و تیژ و ریسواکارانەیان دژی دەسەڵاتدا نواند، بۆ نموونە لە سوێد، کە نموونەی ئازادی بەرچاوی وڵاتانی رۆژئاوایە، کە بەشێک لەو ژنانەی داواتی گوێگرتنی نوێنەرانی حیزبی کوردیکرابوون لە سوێد دەژین و ئەوانەش دەشزانن ژنان لە شارێکی وەک هەولێر لە چ دۆزەخێکدا دەژین، وێڕای کۆمەڵی چالاکی تووند، خۆپیشاندانێکی فرەوانیان بە دژی دەسەڵات ئەنجامدا. بەڵام لە کاتێکدا لە هەولێر بە دەگمەن ژنێکی بێ دەمامک لەناو شار دەبینرێ، کەچی چالاکییەکانی ژنی کورد لەو کۆنفراسەی هەولێردا، وەک کاڵاگەلێک، نمایشکردنی رووخسارگەلێکی ئارایشکرا بوو لە تیڤییەکاندا.

هەر دوای رۆژی "کۆنفراسی نێونەتەوەیی ئافرەتان"، لە یادی راپەڕینی 1991دا، لە هەمان تیڤییەوە دوای ئەوەی کە نوێنەری حیزبی باڵادەست لە ماڵێکی تێری شاری شەقڵاوەدا بەناوی یادداشتەوە بە فیزەوە وەک خێراتێک زەرفی بەسەر خێزانێکەوە دابەشدەکرد، کەچی کەسێکیان لە شەقام نمایشکرد، کە وەک هاووڵاتییەکی نیشتمانپەروەر لە راپەڕینی 1991دا لە هەمانشاردا لە هێرشکردن بۆ سەر دائیرەی ئەمنی بەعس، یەکێک لە گوێ و چاوەکانی لە دەست دابوو، کەچی دەیگوت چەند هەوڵمداوە حوکمەت هیچی بۆ نەکردوومە. بینینی ئەو

دیمەنانە لە شاشەکانی تیڤیەوە ئەمدیوی دەمامک و لێکناکۆکییەکانی حیزبی باڵادەستی کوردی و ڕێکخراوەکانی مەدەنی، ژن و ئافرەتانی ناوەوە دەرەوەی کوردستانمان بۆ ڕووتدەکەنەوە. بە دیوێکی دیکەشەوە نمایشکردنی ئەو پێشهانتانە لە وێنەی ئارایشکراوی تیڤییەوە، جەختکردنەوەیە لە بە کالاکردنی ئەو پێشهاتانە؛ واتا ئەوەی کە لە مێدیایەکانەوە نمایش دەکرێ، واتای ڕاپەڕین، گرفتی ژن و خواستی مرۆڤی کورد نین، بەڵکوو هەوەسی بە کاڵاکردنی ئەو واتایانەیە. کەواتە ئەمانە و چەندان نموونەی ڕاشکاو ناخی ئەو واقیعە دەسکردەی مێدیایەکانی کوردستان و گەوهەری ئەو دەمڕاستە بەناو مەدەنیی و سەربەخۆیانەمان بۆ ڕووندەکەنەوە، کە هەر هەموویان نموونەیەکن لە بەرهەمی ئەو سیاسەتە ئابووریە و گەمەی مێدیایەکانی، کە هەوەسی کاڵاگەرایی بەرهەمهێنراو وێنا دەکەن نەک بەرهەمهێنانەوەی ئەو پێشهاتانە وەک کاڵایەک.
لەو ڕەوشە ئارایشکراوەی کە مێدیای حیزب دەیکاتە ژیانێکی ڕاستینەی ژیانمان، کاتێک میدیای کوردی خەڵات، ڕێزگرتن بەسەر نووسەر و گۆرانیبێژ، کۆنە جاشی ڕابردوو و "پێشمەرگە"ی تازەدا دابەشەدەکا و پرۆژە و خزمەتگوزارییەکان نمایشدەکا، کەچی ڕۆژانە پانتایی ڕۆژنامە و سەکۆیەکانی تری کوردستان و دەرەوەش لێوانڕێژە لە قسە و گازاندەی خەڵک. بەڵام هاندەر و ئامانجی بەشی زۆرینەی ئەو قسەنووسانەی کورد لە پارە و دەستکەوتی ماددیدا بەرجەستە دەبنەوە، نەک خەمێکی ڕۆشنبریی و هێمایەکی ئێتیکی.

لێرەوە ئەو سیستەمە کاڵاسازە لە ڕێگای هێزی مێدیای بینراوی خۆیەوە هەتا دێ لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی بەرخۆر و ئاوێزان بەو ژیانەی بۆ سازێنراوە بە هەرمێنتر دەبێ. ئەو دیاردەیە هەر تەنیا توێژی جوودای خەڵک، نووسەر و هونەرمەندی ناو کوردستانی نەخستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەڵکوو لەو چەند ساڵەدا زۆرێک لەو نووسەر، هونەرمەند، مەیلەو سیاسیی، ژنانی بەناو فێمێنیست و خوێندکاریشی کردە کەرەسە و ئارایشی گەمەکانی خۆیەوە. وێنەی ئەو دیاردەیە لە هەندەران لەوە دەبینرێتەوە کە زۆرێک لە نووسەران لە سایتە کوردیی و پەیوەندییەکانی خۆیاندا لەگەڵ دەمڕاستی حیزبەکاندا، ماوەیەکی زۆر بە لێشاو قسە لەسەر ئەو بابەتانە دەکەن کە بۆ ئەو حیزبانە مایەی سەرنج بن. دوای داواتکردنیان و نمایشکردنی ئەو زاتە بۆینباخپۆشانە لە تیڤییەکانی حیزبدا، هات و هاواری ئەو قسەنووسانە بەتاڵ دەبن و زمانیان ئاراستەیەکی دیکە وەردەگرێ. بۆ نموونە ژنگەلێک هەتا لە هەندەران بوون ڕۆژانە بە نووسینی کۆپیکراو و ئاگراوی سەرقاڵی ڕیسواکردنی ئەو حکومەتەی کوردیبوون، کەچی کە داواتکران و بوونە دەمڕاستی دیکۆری ئافرەتانی نەگبەتی کوردستان، لە پاڵ ئەو مەنسوولانەی کە بەرپرسیارێکی سەرەکی سووکردنی ژنانن، پەسنی دەستکەوتەکانی حکومەت و مافە ڕووکەشەکانی ژن دەدەن. لەوەش کۆمیدتر، ئەو ژنانە هەتا لە دەرەوە بوون ڕووخساریان بۆیاخ نەدەکرد و تەنوورە پۆش نەبوون، کەچی لە تیڤییەکاندا وەک کچۆڵەیەکی ژیکەڵەی ڕووخسار میکاژکراو خۆیان دەردەخەن. ئەو وێناندنە ئارایشکراوی ژن بەشێکە لە هەوەسی مێدیای حیزبەکان.
لێرەوە دەکرێ بپرسین: بۆچی نووسەرگەل و گۆرانیبێژگەلێکی هەموو پارچەکانی کوردستانی هەندەرانشین هەتا حیزبەکانی باشوور وەک ئێستا چەور نەبوون، هەموویان بە دەوری تیڤی و ژیانی سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان (پکک) ئاڵابوون؛ نووسەران لە تیڤی (پکک) سەرگەرمی خۆ بە دۆستکردنی ئەو حیزبە بوون و گۆرانیبێژان شەیدای سترینی سترانی کرمانجی بوون، کەچی ئێستا خڕ ئەمانە بارگەیان بۆ ناو مێدیایەکانی حیزبەکانی باشوور، بە تایبەتیش پارتی دیمۆکراتی کوردستان گواستەوە؟! ئەمڕۆ دڕنداترین هێرش لەسەر باکووری کوردستان و لەوانەش لەسەر گریلاکانی (پکک) لە ئارادایە، کەچی ئەو بەناو دکتۆر، نووسەر و سترابێژانەی کە بە کۆمەکی مێدیا و بە تایبەتیش تیڤی (پکک)ەوە ناویان کەوتە ناو ناوان، گەلۆ چما هەنووکە نوقەیەکیان لە دەم دەرنایێ؟! بۆچی ئەو ژنە نووسەرانە لە بۆنەیەکی وەک ڕۆژی ژنانی جیهاندا باسی ئەو هەموو کیژ و ژنە ناکەن کە سەخترین ژیان لە چیای قەندیلدا بەسەر دەبەن، وێڕای ئەمەش ئەمڕۆ دیاردەی چەکهەڵگرتنی ژنی کورد مایەی گفتوگۆیە؟ بۆچی ئەمڕۆ مێدیایەکانی کوردی بە گشتی هێندەی بە کێشە ماددی و ڕووکەشەکانەوە سەرقاڵن، ئەوەندە بە پرسیارە چارەنووسسازەکان و گەوهەرییەکانەوە سەرقاڵ نین؟ گەلۆ

هەوەسی ئەو کاڵاگەرایییەی میدیا و ئەو وێنایە خەمهێنەرەی نووسەر و هونەرمەندی کورد، مایەی تێڕامان نین؟!

هەر چۆنێک بێ، ئەمڕۆ لە هەندەران هەندێک کەس هێشتا خوێندنیان تەواو نەکردووە، کەچی ماوەیەک بە قسەی مەیلەو "ئاکادیمی" و زارقەڵەباڵغیکردن لە چەمک خۆیان بۆ حیزب نمایشدەکەن. دوای سەردانەوەیان کە هەندێکیان هێشتا نەبوونەتە دکتۆر، یانیش خوێندکارێکی دکتۆرای فاشیلن، کەچی بە هۆی پەیوەندییە هاوحیزبیی و خزمایەتییەوە داوەتی بەرنامەیەکی ناونیشان قەبە دەکرێن و بە خۆیان و بۆینباخی ملیانەوە بە ناوی دکتۆر و پسپۆڕەوە – ئەمڕۆ هەموو خوێندەوارێک لەو چەمکانە ئاوقاتن - بۆ بینەرانی بەدبەختی کورد خوتبە لەسەر "عەولەمە"، "مۆدێرنیتە" و ... هتد دەدەن. جێگەی سەرنجە خوێندنی زانستگا بەشێکە لە کاڵای بەرهەمهێنراوی میدیایەکنی حیزب. چونکە ئارایشەکانی میدیا بە بانگەشەکانیەوە، واقیعێکی قەبەی بۆ خۆی و شهادەی خوێندن سازکردووە. لێرە خودی بەهای خوێندن گرنگی نییە، بەڵکوو ئەوەی گرنگە هێمای ماددی و وێناندنی ئەو شهادەیە وەک کاڵایەک.

نووسەرگەلێکی کورد هەنە زۆر هەوڵدەدەن کە لەو وڵاتەی لێی دەژی هەندێک شت بە دەست بهێنن و هەر زوو لە سایتە کوردییەکاندا نمایشی بکەن. ماوەیەکە بۆتە باو فلان نووسەر خەڵاتکراوە و یان بۆ نموونە، فلان دکتۆر کۆڕێک لە زانستگای ستۆکهۆڵم لەسەر سیاسەتی ئەمریکا و شەڕی عێراق دەکا. کێشەکە لەوەدا نییە کە ئەو نووسەرە خەڵاتکراوە یان کۆڕی کردووە، بەڵام لەمدیوی ئەو راگەیاندنەوە ئەوەی گرنگە تەنیا لایەنە بانگەشەیی و کاڵاسازییەی ئەو کارانەیە نەک بەهایە رۆشنبیرییەکەی. شایەنی باسە، کاتێک لە راستییەکان دەگەین، دەبینین ئەو نووسەرانە هەر بە خۆشیان یان کەس و کاریانەوە ریکلامێکی خەست بۆ ئەو خەڵات و دەستکەوتە ماددیانەی خۆیان دەکەن، کەچی خوێنەر وادەزانێ دەبێ ناوەندێکی رۆشنبیریی یان رێکخراوەیەک ئەو ریکلامەی نووسیبێ. خوێنەر خاوەن یادەوەریی کاراش ئەو "جەنگ"ەی لەسەر جیاوازی نێوان "خەڵات" و "کۆمەکی/ستوپێندیۆم"ی بە یادە، کە نووسەرانی کورد لە سوێد هەڵیانگیرساند. دواجاریش ئەو جەنگە بێ ئەوەی راستییەکی سادە بە خوێنەری گوناهی کوردستان ببەخشێ خامۆشبوو. لە کاتێکدا هەر کەسێک کەمێک سوێدیزان بێ، تێدەگا کە وشەی سوێدی"پریس" مانای خەڵاتە و "ستیپێندیۆم"یش واتای کۆمەکییە. هاوکاتیش خەڵات زیاتر بەهایەکی ئەفراندنە نەک تەنیا ماددی دەبەخشرێ و کۆمەکیش زیاتر شتێکی ماددیە و داوادەکرێ.

ماوەیەک پێش ئێستا ریکلامێک هەموو میدیایەکانی کوردی تەنیبووە، کە گوایە لە هۆڵێکی ناسراوی رۆشنبیریی لە شاری ستۆکهۆلمدا کۆڕێک لەسەر مێژووی دابەشکردنی کوردستان دەکرێ و بەشدار بووانی ئەو کۆڕەش، چەندان پەرلەمانتاری سوێدین. بەندەش ئەوەی لای سەرنجکێش بوو، بۆیە بە حەماسەوە چوو بۆ کۆڕەکە. کاتێک بینیم پێنج شەش کەس دانیشتوون و تەنیا ژنێکی سەر بە لیستی حیزبی چەپی سوێدیش لەو کۆڕە ناو زل و نێوەڕۆک وێرانەدا دانیشتووە. ئەو ژنە پەرلەمانتارەش دیاربوو لەبەر بەزەیی هاتنەوە بە کورد هاتبوو، بە دەم پەلە پەلەوە، گوایە کارێکی تری گرنگی هەیە دەبێ پێڕابگات، چەند قسەی هەڵەق مەلەقی لە نموونەی دەبێ کورد واز لە چەکهەڵگرتن بێنن و خەباتی ئاشتی بکەن... فڕێدا و رۆیشت. کورد وادەزانێ هەر کەسێک لە پەرلەمان دانیشت ئیتر بڕیار بەدەستە و دەتوانێ هەموو شتێک بکا بۆ کورد، کەچی ئەوە جۆرێکە لە هەوڵدان بۆ بە واقیعیکردنی ئەو پێشهاتانە وەک کاڵایەکی بەرهەمهێنراو.

لێ جێگەی سەرنجە، کوردانی سوێد و ئەو حکومەتە کوردییەش باش دەزانن کە میدیایەکانی سوێد دوای کووشتنی "فاتیمە ساهیندال" لە لایەن باوکییەوە، چەندان ساڵە هێرشێکی چڕ دەکەنە سەر کورد. کوردیان کردۆتە نموونەیەک لە بکوژی ژن و واتای "شەرەف"، کەچی نە یەکێک لەو نووسەرە بلیمەت و خەڵات وەرگرانە و نە ئەو ژمارە زۆرە لە "دکتۆر" و ژنە فێمێنیستانەی کوردیش، کە مانگانە بەناوی سەیر داوەتی کوردستان دەکرێن، لەبەرانبەر ئەو هەموو هێرشکردنە لەسەر کورد دەنگیان هەڵنەبڕیووە! لەوەش زیاتر مانگێک بەر لە نووسینی ئەم وتارە، تورکێکی شۆڤینی لە پەراوێزی کێشەی دابەشکردنی پاسەپۆرتی عێراق بەسەر کوردان، بە بڵاوکردنەوەی وتارێک لە رۆژنامەیەکی بەربڵاوی سوێدی وەک "میترۆ" ، هێرشێکی

شەرمهێنەری کردە سەر کورد و کوردی کردە هێمایەک بۆ کاری تێرۆریستی، کەچی ئەو هەموو نووسەر زارقەڵەباڵغ و تەقاویتانەی هەردوو حیزب و ژنە کۆنفرانسخوازەکانی کورد، توانای ئەوەیان نەبوو وەڵامێکی ئەو هێرشە بدەنەوە. شایەنی وەبیر هێنانەوەیە، سەرەتای ئەمساڵ، 2007 وزیری "وەرزش و لاوانی حکوومەتی کوردستان"، کە بەر لە وەرگرتنی ئەو ئەرکە لە کوردستاندا، دەیان ساڵ لە سوێد ژیاوە، بە سەفەر هات بۆ سوێد و لە کۆبوونەوەیەکی "وەرزش"یدا، بەناوی هاندانی گەنجە چالاکەکانی سوێد، وەک هەمیشە، خەڵاتی بەسەر چەندان گەنجی باکووری کوردستان دابەشکرد. باشە ئەی بۆچی ئەو گرنجە سەرکەوتوو و خەڵات وەرگرتووانەی کورد" هیچ کاردانەوەیەکی بەهاداریان بۆ ئەو هەموو هێرشکردنەی میدیای سوێدی نەنواندووە؟ بەهەمە حاڵ، لیستەی ئەو رەوشە پەرپووتە درێژە و لەو وتارەدا جێگەی نابێتەوە، لێ ئەو نموونەگەلەی نمایشمانکردن بەسە بۆ وێناندنی ئەو ژیانە ئیفلیجەی کورد.

هەتا ئێرە هەوڵماندا بەو نموونەگەلەوە کایەکانی ئەو بە کاڵاکردن و بە سیمبوولکردنەی ژیان و مرۆڤ جەختبکەیەنەوە، کە راگەیاندگەلی حیزب بەرهەمیان هێناوە. دەکرێ لیستەی ئەو دیاردەگەلە لە کاڵاگەرایی و سیمبوولاندنە زۆر لەوە توولانیتر بێ، بەڵام بەو ئومێدەی بەو نموونەگەلە خوێنەر خۆی ئازاد بێ لە دیقەتدان و پۆلێنکردنی نموونەکانی دیکە.

بەمجۆرە ئەوەی لە پشتەوەی بە هەرمێنبوونی ئەو دیاردانە کار دەکا، میدیایەکانی حیزبی حکومڕان و بگرە سەرەبەخۆیەکانیشن. ئەو میدیاگەلەش لە پاڵ سیاسەتی بە ئابووریکردن، بازرگانیکردنی ژیان و بەهایەکان، رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە سازاندنی واقیعێکی ئارایشکراو، راستی؛ ژیانێکی تر لە دەورەوەی ئەو ژیانە راستییەی خۆماندا. لێرەوە ئەو رەوتە سیاسییە ئابوورییەی کە لە کن حیزبی حکومڕانی کوردستان کە دوا ئامانجە، هاوشانی قووڵکردنەوەی پرۆژە بازارگانیی و ژیانێکی ئارایشکراو، مرۆڤگەلێکیش وەک کاڵایەکی خۆی بەرهەمدەهێنن.
لە کۆتاییدا مەبەست لە ئاماژەکردن بەو دیاردانە، رەخنەگرتن و پێناسەکردنی تایبەتمەندی کەسەکان و دیاردە کاڵاسازییەکان نییە، بەڵکوو بە دیارخستن و جەختکردنەوەیە لەو هەوەسانەی کە لەمدیو دەمامکەکانی ئەو ئەو سیستەمە میدیاییەی حیزبەکانی کوردستاندا کارایە و دواجاریش توانیوویانە کۆمەڵگایەکی کاڵا ئاسا لە وێنایەکانی خۆی بەرهەمبهێنن. بەمەش کۆمەڵگای کوردیان بەوە سەرقاڵکردووە کە وەک راستییەک بڕوا بە سیمبوولەکانی ئەو کاڵایە سازێنراو و ئارایشکراوانە بهێنن. بەڵام راستییەکەی گشت ئەو بانگەشە و وێنا ئارایشکراوانە بێجگە لە چاوەشەکردن و فریودان، هیچی دیکە نین. ئەوەی لەمدیوی ئەو ئارایشگەراییەوە کارایە، دەستکەوتی ئابووری و سەپاندنی ژیانێکی ئەبەدییە بۆ حیزبگەرایی.
لێرەوە ئەرکی ئێمە سەرکۆنەکردنی ئەو تاکەکەس و مێگەلە رێکخراو و نووسەرە نییە کە بەناوی رازاوەوە رەفتار و مامەڵە لەگەڵ ئەو حیزبانە دەکەن، بەڵکوو ئەرکی ئێمە خەختکردنەوەیە لە لێکناکۆکییەکانی نێوان بانگەشە و کردەی دەمڕاستەکانی ئەو رێکخراوگەل و کەسە مەدەنیخوازانەی کورد. بە تایبەتیش کاتێک ئێمە خۆمان وەک مرۆڤێکی خاوەن ئێتیکی مرۆڤایەتی نمایشدەکەین، پێویستە دەست بە جوانسییەکانی هاوئاهەنگی خولیای دەرەکی و ناوەکی بوونایەتیمانەوە بگرین.

2007.3.10

ستۆکهۆلم. سوێد
Handren_u@yahoo.se

ئەم وتارە لە ژمارە 14ی گۆڤاری "هەنار" بڵاوکراوەتەوە.